# بەهێزبوونی پێگەی چەپ لە ئەڵمانیا

عەلی مەحمود محەمەد

ئەڵمانیا وڵاتی مارکس و لانکەی بیری مارکسیزم , تارمایی بیروباوەڕەکەی دوو سەدە لەمەوپێش لەو وڵاتەوە جیهانی سەرمایەداری داگرت , لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەڵمانی , مەتریالزمی دیالیکتکی لە دایك بوو . کەچی لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە, پاش کوشت و بڕکرنی چەند جارەی مارکسیستەکان لە سەدەی ڕابردوو , لەگۆڕەپانی سیاسی فرێ درانە دەرەوەی کایە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە . لە بەشی ڕۆژئاوا بوونە هێزێکی پەراوێزکراو , لەو مێژووەوە نەیانتوانی ببنە فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کارا . لە بەشەکەی دیکەش مارکسیزم لەناو شورای بەرلیندا زیندانی کرا , ئەوەی مارکسیزم پێی ناخۆش بوو بەناوییەوە ئەنجامدرا , تا مارکسیزمییان کرد بە باوەڕێکی سیاسی قێزەونی وا چەندین میریکلی بەرهەم هێنا . مارکس بانگەوازی ئەنتەرناسیۆنالستی دەدا , بەڵام لێرە وڵاتێك لەناو شورایەك دروستکرا .

مارکس پێشبینی وا بوو لە ئەڵمانیا و وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتووی دیکەی ئەوروپای ڕۆژئاواوە شۆڕشی سۆسیالستی سەردەکەوێت , کەچی لینین ئەم خەونەی مارکسی سەرەو ژێر کردەوە, لە لاوازترین پنتی سەرمایەدارییەوە پەلاماری دا , نەك لە بەهێزترین و کامڵترینەوە , بۆ حەوت دەیە بۆچونەکەی مارکسی پوچەڵ کردەوە , بەڵام لە کۆتاییدا هەر مارکس بردییەوە .

مارکسیستەکان لە ئەڵمانیا لە چوار دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەمیشە لە دەوروپشتی دەرگای دەسەڵات بوون , کاراترین هێزی سیاسی وڵات بوون . بەلشەفیکەکان گرەوی سەرکەوتنی شۆڕی جیهانیان بە هێزی ئەوانەوە دەکرد . بەڵام پاش سەرکوتکردنیان لە لایەن هیتلەرەوە , فرێ دەدرێنە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان , بە پێچەوانەی ئیتاڵیا و فەرەنسا , جەنگی دژ بە فاشییەت و نازییەت وا خۆشەویستیانی کرد , دوای جەنگ دیگۆل بە ناچاری بڵێت : لە وڵاتدا دوو پارت هەیە ئێمەو کۆمۆنیستەکان , لە ئیتاڵیاش دەستێوەردانی ئەمەریکا نەبوایە دەسەڵات بۆ ئەوان بوو . بەڵام لە ئەڵمانیا بە پێچەوانەوە لەو ساتەوە کەوتنە پەراوێزەوە .

پاش زیاتر لە نیو سەدە لە پەراوێزی , لە **19**ی سەپتەمبەری **2005** لە ڕێگەی دەنگدانەوە , وەك هێزی سیاسی چوارەم هاتنەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی ئەڵمانیا , بە زیندان و هەڵواسین دەرکران , بە دەنگدان گەڕانەوە , نازییەت و ستەمگەری دەریانی کرد , دیموکراسی گەڕاندیانیەوە .

لیستی چەپ لە هەڵبژاردنەکانی **19**ی سەپتەمبەردا , گەورەترین براوەی هەڵبژاردنەکان بوون , لە هیچەوە بوون بەبوون , لە خاوەند**2** کورسی پەرلەمانی پێشوەوە , بوون بە کوتلەیەکی گەورەی پەرلەمانی . لە پەرلەمانێکدا جەمسەرە سیاسییەکان بەشێوەیەك لە بەرامبەر یەکتردا پارسەنگییان گرتووە, بێ دەنگی ئەمان و خیانەت لە بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتەکان , قەیرانی سیاسی بێ هەڵبژاردنێکی نوێ چارەسەر نەبێت , تەنانەت گرانە هەڵبژاردنێکی دیکەش چارەسەر بێت , بەبێ گۆڕانی پارسەنگی هێزە سیاسییەکان .

هیچ کام لە دوو پارتە گەورەکە , بە گوێرەی ڕاگەیاندنەکانیان هاوپەیمانییەتی لەگەڵ چەپدا ناکەن , ڕاشکاوانە ئەمەیان ڕاگەیاند , ڤیتۆیان تەنها لەبەرامبەر ئەواندا داناوە , تەنانەت بەناوی چەپ و ڕاستەوە ئامادەگیی ئەوەیان هەیە لە ژێر ڕکێفی یەك حکومەتدا کۆببنەوە , کە بەرنامەی هەڵبژاردنەکانییان تەواو جیا و دژ بوو لەگەڵ یەکتر , بەڵام شرۆدەر و سەوزەکان کە خۆیان بە چەپ دەزانن , ئامادەییان نییە لەگەڵ چەپەکان حکومەت پێك بهێنن .

چەپەکان لەبەرامبەر  ئەم بانگەشەی بە پەراوێزکردنەیان بێدەنگ نەبوون , وەڵامی پڕ بە پێستی خۆیان پێی دایەوە , لە ڕوانگەی وەفاداری بەرامبەر بە بەرنامەی هەڵبژاردنیان ,  نەك دەسکەوتەکانی هەڵبژاردن .

ئۆسکار لافۆنتین وتی : ئامانج ئێستا هەنگاو نانە بۆ بەرینکردنەوەی کاریگەری چەپ  لە ناو پەرلەمان و هەموو وڵات **(حیاة- اسكندر الین 20-9-2005).**

بوونی چەپی نوێ وەك هێزی چوارەم هاوکێشەی سیاسی وڵاتی بە تەواوی  گۆڕی , سیناریۆکانی هیندستان و سریلانکا و  ئیتاڵیاو فەرەنسا و .... دووبارە کردەوە , بەشێوەیەك جووت هاوپەیمانییەتی هەر دوولایەنی نزیك لە یەکتری لە ڕەگەوە هەڵتەکاند ( سەوزو سور , ڕەش و زەرد) . ناچاری هاوپەیمانییەتی دژەکانییانی کرد , ئەمەش گەورەترین تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی سیاسییە بۆ  لایەنەکان .

هاوپەیمانییەتی چەپ  چەندین جار ڕایانگەیاند ,  ئامادە نین لەگەڵ هیچ لایەنێکدا هاوپەیمانییەتی بکەن , بە بێ جێبەجێکردنی بەرنامەی هەڵبژاردنەکەیان , بەڵکە ئەوان ئارەزوومەندن لە ئۆپۆزسیۆن بميننەوە .  ئەمەش ئەوپەڕی وەفاداری دەگەیاند بەرامبەر بەو بەڵێنانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بە جەماوەرییان داوە . هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن بوونیشییان بۆ هێزەکانی دیکە مایەی مەترسی یە , چونکە لەوە دەترسن لە مینبەری پەرلەمانەوە سیاسەتەکانیان لەقاو بدەن و هێزە زیان لێکەوتەکانی چاکسازییەکانی  لیبراڵی نوێ بۆخۆیان ڕابکێشن , لە هەڵبژاردنەکان  داهاتوودا بەهێزتر و کاریگەرتر بێنە پێشەوە  .

چەپەکان دژ بە کەمکردنەوەی بیمەی بێکارین  و لەگەڵ زیادکردنی خەرجی تەندروستی گشتین . هەروەها لە سیاسەتی دەرەوەدا دژ بە بەشداریکردنی ئەڵمانیان  لە جەنگەکانی دەرە , هەروەك     لە دەستوردا هاتووە و ئاماژەی پێدراوە . پێیان وایە  بەشداریکردن  لە جەنگی یۆگسلاڤیا و ئەفغانستان پێشێلی ئاشکرای دەستووری وڵاتە  .

لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە , حکومەتی خۆشگوزەرانی ئەورووپای ڕۆژئاواش کەوتە بەر هێرش و هەنگاونان بۆ هەڵوەشاندنەوەی , حکومەتی ئەڵمانیا یەکێکە لەو حکومەتە خۆشگوزەرانانەی ئەورووپای خۆرئاوا  . لە کۆتایی هەشتاکانەوە تا ئێستا هێرش بۆسەر ئاستی ژیان و دەسکەوتەکانی ڕابردوو  لە لایەن دەوڵەت و سەرمایەدارانەوە بەردەوامە .

دروشمی سەرەکی چەپەکان بریتی بوو : لە  گۆڕان لە پێناو کار و دادی کۆمەڵایەتی .  چەپەکان هەڵوەشاندنەوەی چاکسازی هارتسی چوار بەکاری دەست بەجێی خۆیان دەزانن , کە  شرۆدەر لە خولی دووەمی دەسەڵاتی ئەنجامی دا, لە ئەبریلی ئەم ساڵەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە .

بەگوێرەی یاسای نوێ لە توانای کۆمپانیاکاندایە کرێکار بەشێوەی  ساناتر دابمەزرێنن و دەربکەن .

لەبەر ئەوەی چەپەکان  لەبەرەی چەپەوە شرۆدەر بە  خائین دەدەنە قەڵەم  ,  بۆیە مەترسین بۆ سەر سیاسەتەکانی , بەهەمان شێوە  بۆ سەر سەوزەکانیش , بە پێچەوانەی سەوزەکانەوە  ئامادەیی سازشییان نییە لە بواری بەشداریکردن  لە جەنگ و پارێزگاری لە ژینگە و بڕیاری وزە   .

هاتنە پێشەوەی چەپ بەرامبەر هەلپەرستی سۆسیال دیموکرات  و سەوزەکان , لە ئایندەدا مانۆڕی بەرفراوانی سیاسی ئەم دوولایەنە تەنگ دەکاتەوە .

سستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی زەمانەتی مانەوەی چەپ مسۆگەر دەکات  لە داهاتوودا  , ئەمەش  هەنگاوی یەکەمە بۆ نا سەقامگیری سیاسی لە وڵات , بۆیە  لە ئێستا بەدواوە دەبێت بە ناچارییەوە  گرنگی بە گوتاری سیاسی چەپ بدرێت لە ئاستی بڕیاری سیاسی و ئابوری  . لە هێزی شەقامەوە بوون بە هێزی شەقام و پەرلەمان . مانەوەیان لە پەرلەمان پەیوەستە بە خۆڕاگرییان لە شەقام و داکۆکی لە چین و توێژە زیان لێکەوتووەکان , ئەگەر بە کاراییەوە لەهەردوو بەرە سەرکەوتوو نەبن  ئەوا هەردوو بەرە دەدۆڕێنن .

# دوای هەڵبژاردن لە بازاڕ چی ڕوی دا

سیمنس دووەم کۆمپانییای ئەڵمانییە لە دوای دالمایرەوە دێت , دەیەویست گۆڕانکاری لە هەرەمی بەڕێوەبەراتی و ئاستی هێزی کار بکات , بەڵام دوای خست بۆ دوای هەڵبژاردن , بە قازانجی دیموکراتە مەسیحییەکان ( تهاجم نئولیبراڵ المان بعد از انتخابات).

لێرەوە دەبینین سەرمایەدارانی ئەڵمانیا , بەشێکی زۆر لە ئاوات و ئامانجەکانی خۆیان بە هەڵبژاردنەکەوە بەستبووەوە , ئەوان دڵیان بەو چاکسازیانە ئاوی ناخواردەوە شرۆدەر لە خزمەتیان ئەنجامی دەدا , مەرگی لەسەرخۆی سستەمی سۆسیالیان بەدڵ نەبوو , بەڵکە پەلەیان بوو , دەیان ویست لە ڕێگەی میرکیلەوە دوا بزماری خۆیان لە تابووتی حکومەتی خۆشگوزەرانی ئەڵمانیا بدەن .

بینیمان پێش هەڵبژاردن چۆن هاتوو هاوارێکییان لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە نایەوە , چۆن ڕاپرسییەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان بۆ چەواشەکردنی دەنگدەران , بە تایبەت ئەوانەی ڕاڕا بوون و خۆیان یەکلا نەکردبووەوە , پڕو پاگەندەیان بۆ ڕاستە پارێزگارەکان دەکرد , قیژە قیژیان فرچکی شرۆدەری کەواندبوو .

بەڵام دوایی ئەنجامی دەنگدانەکان خەونەکەیانی پوچەڵ کردەوە . بەشێوەی گشتی خەڵکی ئەڵمانیا دەنگییان بۆ پرۆژەی سیاسی ئابوری نیولیبراڵی شێوەی ئەمەریکی نەدا کە میریکل سەرسەختانە نوێنەرایەتی دەکرد .

ئەڵمانیا هەرچەندە بە پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا بە ناوبانگە , بەڵام سێیەم هێزی ئابوری جیهان و یەکەم هێزی ئابوری ئەوروپایە و , دووەم هێزی بازرگانی جیهانیشە . کاریگەری نەخۆشییەکەی بۆ سەر چارەنووسی یەکێتی ئەوروپا و جیهان لە کاریگەری نەخۆشی پاشایەك ستەمگەر کەمتر نییە , کە دوای نەمانی فەوزا چاوەڕوانی وڵاتەکەی دەکات .

بازاڕی سەهمی ئەڵمانی پاش هەڵبژاردنەکان دابەزی , داکس **2,11**٪ هاتە خوارەوە , بەهۆی قەیرانی هەڵبژاردنەوە , کە ناجێگیری سیاسی لێوە لە دایك بوو , چارەنووسی چاکسازییەکان ڕێگای پڕ تەم و تومانە و بە ڕاستە ڕێ نییە . ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کاردانەوەی نێگەتیفی هەبوو بۆ سەر بازاڕ (بی بی سی **19–9–2005**).

بە هەمان شێوە نوخی یۆرۆ بە ڕێژەی **1**٪ دابەزی , بۆ کەمترین نرخ لە ماوەی ساڵێکدا (**19–9–2001** جزیره نیت).

ئەڵمانیا سەرباری ئەوەی گەورەترین هێزی ئابوری ئەوروپایە , هاوکات بە حەماسترین هێزی یەکێتی ئەوروپاشە , بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردن بازاڕی سەهم و دراوی وڵاتانی ئەوروپای هەژاند و دراوی یەکێتی ئەوروپاشی هێنایە خوارەوە . نەك هەر ئەوەندە بەڵکە هەموو بۆرسەی ئەوروپا جگە لەبۆرسەی لەندەن دابەزین , بەهۆی بازاڕی سیاسەتی ئەڵمانیاوە .

لەمەش زیاتر ڕۆیی , کاریگەری لەسەر داهاتووش دانا , ئەنجامی یەکلایی نەکەرەوەی هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر سەرمایە گوزاریی ناوخۆو بێگانەش دانا , سەرمایەداران بە گومانەوە سەیری چارەنووسی چاکسازییەکان دەکەن .

هەر ئەوەندەش نا , بەهۆی بارستایی قورسی ئابوری ئەڵمانییا و هێزی بازرگانی و ئاستی بەرزی سەرمایەگوزارییەکەیەوە , کاریگەری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سنووری ئەوروپا دەبەزێنێت . سەرمایەدارانی ئەمەریکی و بانکی مۆرغان ستانلی پێیان وایە هاوپەیمانییەتی هەردوو پارتی گەورە لەبەرژەوەنی ئابورییە( **ضبابية تحيط بموقف اليرو بعد الانتخابات الالمانية 22-6-2005**). کە ئەوان پێشتر لەگەڵ سەرکەوتنی پارێزگارو لیبراڵەکان بوون .

یەکێك لەو وڵاتانەی دەنگۆی سەرکەوتنی میریکل لەرزی پێ خستبوو , تورکیا بوو , کە نەیاری خۆی بۆ هاتنە ناو یەکێتی ئەوروپا ناشاردەوە و ڕاشکاوانە دەری دەبڕی . میکیل دژ بە وەرگرتنی تورکیایە لە یەکێتی ئەوروپا (النهار **20–9–2005**).

دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژارد , تورکیا داوای لە میکیل کرد چاوێك بە بۆچونەکانی ڕابردویدا بخشێنێتەوە , بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپای تورکیا . لە هەڵبژاردنەکاندا تورکە نیشتەجێ بووەکان ئەڵمانیا کە زیاتر لە **2** ملیۆنن , بەشی زۆرییان دەنگییان بە پارتەکەی شرۆدەردا .

بەڵام چەپەکانی ئەوروپا هەڵوێستی پێچەوانەی ئەمەریکا و تورکیایان هەبوو , بیا مۆسکۆفسکی لە پارتی سۆسیالستی فەرەنسا وتی: ئەڵمانەکان دژ بە مانەوەی شرۆدەر بوون لەبەر ئەوەی چاکسازییەکانی خراپ بوون , هاوکات بەرنامەی لیبراڵی میرکلییان ڕەتکردەوە ( **حیاة- ارلیست خدوري** ).

گۆران بیرۆسۆن سەرۆك وەزیرانی سوید وتی: پێش بینی دەکەم شرۆدەر لەسەر حوکم بمێنێتەوە , دەنگدەران بەرەو چەپ وەچەرخاون (بیان **20–9–2005**).

## شرۆدەر کێیەو چی دەوێت ؟

کوڕی ژنە کرێکارێکی پاککەرەوە بوو , باوکی لە پۆڵۆنیا لە جەنگی جیهانی دووم مرد , لە **15** ساڵییەوە کرێکاری دەکرد و شەوان دەیخوێند , بە کرێکاری کۆلێژی یاسای تەواو کرد , لە ساڵی **1980** ەوە بوو بە ئەندام پەرلەمانی ئەڵمانیا ( **شرويدر ..... عادة الى ((اليسار)) ويحكم بولاية ثالثة _ محمد ولد المنى- الاتحاد 11038- 24-9-2005).**

ئەمڕۆ بە هاوڕێی بزنس مانەکانی ئەڵمانیا و دژ بە دادپەروەریی ناسراوە , لێ لە حەفتاکان چەپێکی توندڕەو بوو , سەرۆکی باڵێکی چەپی ناو لاوانی سۆسیال دیموکراتەکان بوو , زۆرترین دەستەواژە لەو ساڵانە کە بەکاری هێنا بێت ئەوە بووە : بەڵێ من مارکسیم ( **شرويدر ..... عادة الى ((اليسار)) ويحكم بولاية ثالثة _ محمد ولد المنى- الاتحاد 11038- 24-9-2005).**

چاکسازییەکان هۆی تێك شکانی شرۆدەر بوو لەم هەڵبژاردنەدا , کۆتاییيان بە سەردەمی شکۆیی شرۆدەر هێنا .

دیر شبیغل نوسی : پێش خستنی هەڵبژاردن (( خۆکوژییە لە ترسی مردن)). پاش دۆڕاندنە یەك لە دوای یەکەکان لە ولایەتەکان و هەڵگەڕانەوەی باڵی چەپ لە پڕۆژە چاکسازییەکانی لە ناو پەرلەماندا , نایەتوانی درێژە بە دەسەڵات بدات , لەو پەڕی لاوازییەوە کە ڕاپرسییەکان کەمترین دەنگییان پێی دەدا , ئازایانە داوای هەڵبژاردنی نوێی کرد .

هەرچەندە لەم هەڵبژاردنەدا لە دوای ساڵی **1957** ەوە , سۆسیال دیموکراتەکان خراپترین ئەنجامیان هێنایەوە , بەڵام هاوکات بێکاری , ئاستی ژیانی هاووڵاتیان لەو ماوەیەدا قەت بەم پلە خراپەی ئێستا نەگەیووە , وەك لە ماوەی ئەم دوو خولەی دەسەڵاتی سۆسیال دیموکراتەکان پێی گەیشت .

ئەمەش وای کرد سۆسیال دیموکرات نەتوانێت بۆ سێیەم جار لەگەڵ سەوزەکان حوکم بکات , کۆتایی بە جووت براییان بێت .

شرۆدەر خاوەندی بیرۆکەی ناوەڕاستی نوێیە , دەیەوێت یەکخستنێك لە نێوان گۆڕانکاری جیهانگیری لەگەڵ دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێك بهێنێت.

لە هەڵبژاردنی پێشوودا دروشمی کار– کار –کار بوو , بەڵام لەماوەی ئەم خولەی دەسەڵاتدارییەکەیدا , بێکاری لە کەمتر لە **3,5**٪ ەوە , بەرز بووەوە بۆ زیاتر لە **10**٪ .

خۆی یاسای سستەمی سۆسیالی دڕاند , ئێستا لە بانگەشەی هەڵبژاردن دەیەوێت باشی بکاتەوە ( **اليسار الجديد يتخطى حاجز في اخر سباق – فكتور جروسمان- حوار المتمدن – 1320).**

لەم هەڵبژاردنەدا بە دروشمی هێز – ئازایەتی – مرۆڤایەتی هاتە پێشەوە , بە ئابوری نەخۆش هێز پەیدا نابێت , بە یاسای لە خزمەت کەمایەتی سەرمایەداری مرۆڤایەتی بەدی نایات .

چاودێرانی سیاسی پێیان وایە , شرۆدەر هەموو شتێك دەکات تەنها لە پێناو ئەوەی ببێتەوە بە موستەشار ( **مباحثات .... لتشكيل الحكومة الالمانية الجديدة –الشرق الاوسط عدد 9793 – 20-9-2005).** دانوساندنەکان دوای هەڵبژاردن ئەم بۆچونەیان سەلماند , هەموو هەوڵێکی ئەوەیە دوو ساڵی دیکە مسۆگەر بکات , بەڵام دیموکراتە کریستانەکان , خەونەکەیان لە گۆڕ نا .

## میریکل و سەرنەکەوتنی لە سێ شۆڕشەکەی

میریکل ئەو ژنە ڕۆژهەڵاتییەی پێش 15 ساڵ کەس نایناسی , لە خانەوادەیەکی ئاینی و ڕق و قین لە هەموو بیرێکی سۆسیالستییەوە دەستی بەسیاسەت کرد , ئەو ڕق و قینە کردی بە سەرۆکی جەمسەری ڕاستی پارێزگار لە هەموو ئەڵمانیا .

کۆل بەرزی کردەوە لەناو پارتدا , بۆیە ناونرا بە کچەکەی کۆڵ . دوای 10 ساڵ ناونرا بە دایکی ئازادی (**میریکل التي قد تصبح اول مستشارة في التاريخ المانيا الشرق الاوسط19 -9-2005).**

بە پێچەوانەی شرۆدەر , ئەو هەڵبژاردەی ئەمەریکایە لە ئەڵمانیا , سیاسەتی دەرەوەی لەسەربنچینەی هۆبزی یە نەك دیکارتی . ئەگەر لە هەڵبژاردن سەربکەوتایە , سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیای بە ڕچە ڕێگاکەی برلۆنسکیدا دەبرد , ئەڵمانیا و دواتر ئەوروپای دەخستە باوەشی باوە بۆشەوە .

هەرچەندە بۆ خۆی بە مەزهەب پرۆتستانتییە , بەڵام بوو بە سەرۆکی پارتێکی کاسۆلیکی مەزهەب . ئنجیلا مێرکیل دەیەویست بە سەرکەوتنی 3 شۆڕش لە ژیانی سیاسی ئەڵمانیا بەرپا بکات .

وەك یەکەم ژن , یەکەم ڕۆژهەڵاتی , یەکەم پرۆتستانت , ببێتە موستەشاری وڵات . بەڵام خەونی هەر 3 یەکەمەکەی بەدی نەهات , دەنگدەران لەم خولەی هەڵبژاردندا پوچەڵیان کردەوە , ئەگەر شرۆدەر بۆ دەسکەوت نەیێنێتە سەر کورسی موستەشاری .

## ئەنجامەکانی هەڵبژاردن



قسەی ئەنتوانییای فالگرەوە باش پێکای ، پێش هەڵبژاردن وتبوی هیچ لایەکیان بە تەنیا ناتوانن حوکم بکەن .

فالچیەکان ڕاستگۆتر بوون لە ڕاپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرمایەدارەکان ، کە گرەویان لەسەر سەرکەوتنی میریکلی ڕاسترەوی پارێزگار دەکرد . هەڵبژاردن لە **296** ناوچە ئەنجامدرا ، بۆ هەڵبژاردنی **598** کورسی پەرلەمان لە سەرتاسەری وڵات ، جگە لە شاری درسدەن **(الشرق الاوسط عدد9792 – 19-9-2005).**

بۆ پڕ کردنەوەی کورسییەکان پەرلەمان **3646** پاڵێوراو لە **25** پارتەوە خۆیان کاندید کرد .

لە هەڵبژاردنی ساڵی **2002**دا ، ڕێژەی دەنگدان **79,2**٪ بوو ، لەم هەڵبژاردنە دابەزی بۆ **77,7**٪ (بی بی سی **19–9–2005**) ، بەڵام ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزە لەچاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆرئاواوە . لە **2–10** هەڵبژاردن لە درسدن کۆتایی دێت ، ، ژمارەی دەنگدەران لە دیرسدن **227**هەزارە ، بەهۆی مردنی پاڵێوراوێکەوە دەنگدان لەم شارە دواخرا . هەرچەندە ئەنجامی دەنگدانی ئەم شارە ناتوانێت پارسەنگی هێزی ناو پەرلەمان بگۆڕێت ، ئەنجام یەکلایی بکاتەوە .

ئەنجامی هەڵبژاردن بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

| Son | Grune | Link | Fdp | Spd | Cdu- |
|---|---|---|---|---|---|
| ٪3,9 | ٪8,1 | ٪8,7 | ٪9,8 | ٪34,3 | ٪35,2 |
| --- | 51 | 54 | 61 | 222 | 225 |
| --- | 4– | 52+ | 14+ | 29– | 23– |
| ٪1,1+ | ٪0,5– | ٪4,7+ | ٪2,4+ | ٪4,2– | ٪3,3– |

یەکەم جارە لە ئەڵمانیا لە دوای ساڵی **1949**وە ، دەنگدان بۆ هەردوو پارتی گەورە لە **70**٪ کەمتر بێت ، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە متمانەی جەماوەر بە بەرنامەی هەڵبژاردن و کایە سیاسییەکانی ئەم دوو پارتە نەماوە ، کە لە بازنەیەکی داخراودا سیاسەتەکانیان دەبەنە پێشەوە ، لە پەرچەکرداری یەکترەوە هێزی خۆیان ڕادەگرن لە کۆمەڵدا .

شرۆدەر و میریکل پێش و دوای هەڵبژاردن ڕایان گەیاند ، لەگەڵ چەپەکان هاوپەیمانییەتی ناکەن . میریکل وتی: لەگەڵ هەموو پارتەکان دانوساندن دەکەین جگە لە چەپەکان (بی بی سی**19–92005**). هەمان بۆچوون هەڵوێستی شرۆدەر و سۆسیال دیموکراتەکانیشە .

لە ئەڵمانیا ئابوری و بێکاری کاریگەری لەسەر ڕەوتی دەنگدانەکان دەکەن ، سەرباری هەڵوێست لەسەر جەنگ .

هەڵبژاردن پارسەنێگێکی سیاسی وای لەگەڵ خۆیدا هێنا ، پێك هێنانی حکوومەتی لە ماوەی نزیکدا ، بێ سازش کردن لە بەرنامەی هەڵبژاردن و خیانەتکردن لە دەنگدەران ئەستەمە .

بەرەی جامایکا ، هاوپەیمانییەتی (ڕەش –زەرد– سەوز) کە زۆر قسەی لەسەر دەکرێت سەرناگرێت ، چونکە سەوز و زەرد هەردوکیان ڕەتی دەکەنەوە (سفیر **21–9–2005**).

بە شێوەی گشتی پارتەکان ئامادەیی هاوپەیمانەتییان لەگەڵ یەکتر نییە ، سەوزلەگەڵ لیبراڵ ، لیبراڵ لەگەڵ سۆسیال دیموکرات ، سۆسیال دیموکرات و دیموکراتی مەسیحی شەڕییانە لەسەر پۆستی موستەشاری . سەوزەکان بەهۆی هەڵوێست لەسەر ژینگە ، وزە ، چاکسازی کۆمەڵایەتی ، ئامادەیی هاوپەیمانەتییان نییە لەگەڵ ڕەش و زەرد ... .. ، هیچ لایەنێکیشان لەگەڵ چەپەکان ئامادەیی هاوپەیمانییەتییان نییە . بەم شێوەیە هەڵبژاردن هەرج و مەرجێکی سیاسی وای هێنا ، ڕێکخستنەوەی ماڵی سیاسی ئەڵمانیا سانا نەبێت ، ئەگەر چەپەکان بەشێك نەبونایە لە هاوکێشەکە بەم شێوەیە ناکەوتەوە .

## ئاسۆیەك بۆ چەپ لە ئەڵمانیا و ئەوروپا

جگە لە هەڵبژاردنەکەی پۆڵۆنیا کە چەپەکان تێیدا بە توندی دۆڕان , چارەکی دەنگی پێشوییان هێنایەوە , کە چەپێکی گەندەڵی پاشماوەی دەسەڵاتی پێشوون , بەرهەمی چاکسازیی بە ڕاچەڵەکینن , کە خراپترین نموونەی چارەسەری چاکسازی نیولیبراڵییە , لە پۆلیڤی او پۆڵۆنیا تاقی کراوەتەوە , لە ماڵوێرانی و برسێتی بەرهەمی زیاتری پێ نەبوو بۆ ئەم دوو گەلە . چەپەکان لە هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپا براوە بوون , لە ئیسپانیاوە بۆ پورتوغال کە هەڵبژاردنەکەی زەنگی گەشەی چەپی پەرگیر بوو , تا دەگاتە ئیتاڵیاو بولگاریا و نەرویج و ئەڵمانیا , سەرباری نایەکانی فەرەنسا و هۆڵەند بۆ دەستووری ئەوروپای یەکگرتوو , کەچەپەکان ڕابەرایەتییان دەکرد , هەر هەموو هاتنەوە مەیدانی چالاکانەی چەپ دەردەخات , پێی دەچێت وەرزی داهاتووش مانگی هەنگوینی چەپەکان بێت و لە چەندین وڵاتی دیکە دەست لەملی فەرمانڕەوایی بکەن . لە بەهاری داهاتووشدا چەپەکان ئەگەری بردنەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیتاڵیا .

پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی ژمارەی ئەندامی لەسەر کاغەز گەلێك زۆرە , بەڵام لە هەڵبژاردندا لاوازە , بەهۆی پاشکۆیەتی بۆ پارتی سۆسیال دیموکرات . بەڵام ئەمساڵ کە ئازایانە وتی : نا بۆ دەستووری یەکێتی ئەوروپا , جەماوەر لە دەوری کۆبونەوە و پشتگیرییان لێی کرد , هەر بۆیەشە جەژنی لۆمانتییەی ئەمساڵ گەرم و گوڕتر و قەرەباڵغتر بوو لە ساڵانی پێشوو .

باوەڕ بوون بە دابڕان لە ڕابردوو , تێکەڵ بون بە خەباتی ڕۆژانەی بێکاران , ژنان , ژینگە , کرێ , ..... , ڕیشەی کۆمەڵایەتی بۆ پارتی سیاسی پەیدا دەکات , لە ڕەگ دەرهێنانی ئەستەمە .

لە ئیتاڵیا چەپەکان لە کۆی **14** ناوچە **12**یان بردەوە , لەناوچەی بوجیلیا پاڵێوراوی حیزبی سەرلەنوێ بنیات نانەوەی کۆمۆنیزم نیکی فیندولا بوو بە حاکمی شارەکە , پاش **10** ساڵ لە دەسەڵاتی ڕاستڕەوەکان . ئەوە زەنگی سەرکەوتن بوو بۆ بەهاری داهاتوو , بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆشکی سەرۆکایەتی وڵات .

خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو پارتە چەپەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا , پشتگیرییانە لە خەباتی جەماوەری . لە فەرەنسا بە پێچەوانەوە شیوعییەکان لە هاوپەیمانییەتیدا بوون لەگەڵ حکومەتی سۆسیالستەکان , پشتگیریان لە بێکاران و بێخانەو لانەکان ناکرد , بۆیە جەماوەر تۆڵەی خۆیان لە دەنگدانەکان لێیان کردەوە **( اعادة صنع اليسار في اوروبا – هيلاري ويرانيت – الحوار المتمدن 1320 -17-9-2005).**

بەڵام لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا چەپەکان لە شەقامدا بوون , بۆیە سەرکەوتنییان سروشتییە , بەری تێکۆشانی خۆیانییان دورییەوە بە کەمترەوە , سەرکەوتنەکانییان چاوەڕوان کراو بوو بە زیاتریشەوە . دەستووری ئەڵمانیا ڕێگە نادات بە هاوپەیمانیەتی حیزبەکان , بۆیە هەردوو لایەنی چەپ , پی دی ئێس و باڵی ئۆسکار لافۆنتین لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن بە یەك لیست لەم قۆناغەدا بەشداری هەڵبژاردن بکەن , دەرگای پی دی ئێس خرایە سەر پشت بۆ کۆمەڵەو گروپەکانی چەپی دیکە . هاوپەیمانییەتییەکە کۆپییەکە لە پی دی ئێس لە ڕوویی یاساییەوە .

لە هەڵبژاردندا لە **5** ولایەتی ڕۆژهەڵات , توانیان **26**٪ دەنگدانەکان بهێننەوە کە بەرزترین ڕێژەیە لە دوای ساڵی **1991** ەوە بیهێننەوە , لە بەشی ڕۆژئاواش **4,7**٪ ییان هێنایەوە .

وەك ئاماژەمان پێی دا , هاوپەیمانییەتی چەپ لە دوو لایەن پێك دێت , پی دی ئێس کە کۆمۆنیستە چاکسازیخوازەکان پێشووی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتن , کە ئێستا بەوە تاوانباریان دەکەن , **7** لە پاڵێوراوانیان لە دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی پێشوو کاریان کردووە . باڵەکەی دیکە پارتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یە لە ئەڵمانیای خۆرئاوا , کە لە سۆسیال دیموکراتەکان جیابوونەوە بە سەرکردایەتی وەزیری دارایی پێشوو ئۆسکار لافۆنتین , لەناو خۆیاندا خاوەند یەکێتی بیر نین , بەڵام لە پرۆژەی چەپ بوون و میتۆدی

کارکردن یەك بۆچوونن , گروپی ترۆتسکیستەکان نفوزی زۆیان لەناو گروپی ئەلتەرناتیڤی هەڵبژاردندا هەیە , کە پارتی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە .

چەپەکان دەیانەوێت لە ماوەی ساڵێکدا ببنە پارتێکی سیاسی سەربەخۆ . دیارە سەرکەوتنی ئەمجارە زیاتر هانیان دەدات بۆ یەکگرتن , هەموو کات سەرکەوتن هێزە نزیکەکان بەرەو یەکگرتن دەبات , ساڵێك کەم نییە بۆ تاقیکردنەوە بۆ دیاریکردنی ئاسۆی هاوخەباتی و کارکردن لەشێوەی یەك تیپی سیاسی لە داهاتوودا .

وەك ئاماژەمان پێیدا بێکاری و بیمە لە داواکارییە سەرەکییەکانی دەنگدەرانە , بەهۆی کۆچی کۆمپانیا ئەڵمانیەکان بۆ ئەوروپای خۆرهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا , هەلی کارکردن لە وڵاتدا کەم بۆتەوە , هەروەها ئابوری وڵات لە دوای لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەوە لە قۆناغی مت بوون و پوکانەوەدایە , ئاسۆیەك بۆ دەرچون لەو قەیرانە دیار نییە , بۆیە چارەسەر بە شلەقان لە ڕێگای چاکسازییەوە ناتوانێت چاری دەردی نەخۆشییەك بکات , دەواکەی لە پڕۆژەیەکی سیاسی ئابوری دیکەدا بێت کە لە گیرفانی چەپەکاندایە .

لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی بچووك بەوە دەدەم , پی دی ئێس کچە کوردێکی بەناوی فەلەکناس گەیاندە پەرلەمانی ئەوروپا , وە لە ساڵی **2001** پەرلەمانتارانی ئەم پارتە بوون قەرەبووی شاری هەڵەبجەیان لە لایەن کۆمپانیا ئەڵمانییەکانیان بردە پەرلەمانی ئەڵمانیاوە , بە تاوانی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە ڕژێمی عێراق .

## ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشووی ئەڵمانیا

| Bundestag: 22 september 2002 (79.1 %) | | % | 603 |
|---|---|---|---|
| Social Democratic Party of Germany (Sozialdemokratische Partei Deutschlands) | SPD | 38.5 | 251 |
| CDU-CSU | CDU-CSU | 38.5 | 248 |
| - Christian Democratic Union (Christlich-Demokratische Union) | CDU | 29.5 | 190 |
| - Christian Social Union in Bavaria (Christlich Soziale Union in Bayern) | CSU | 9.0 | 58 |
| Alliance 90/The Greens (Bündnis 90/Die Grünen) | Grüne | 8.6 | 55 |
| Free Democratic Party (Freie Demokratische Partei) | FDP | 7.4 | 47 |
| Party of Democratic Socialism (Partei des Demokratischen Sozialismus) | PDS | 4.3 | 2 |

Source: Bundeswahlleiter

| Assembleia da República: 20 february 2005 (65.0 %) | | % | 230 |
|---|---|---|---|
| Socialist Party (Partido Socialista) | PS | 45.1 | 121 |
| Social Democratic Party (Partido Social Democrata) | PSD | 28.7 | 75 |
| Unitarian Democratic Coalition (Coligação Democrática Unitária) | CDU | 7.6 | 14 |
| - Portuguese Communist Party (Partido Comunista Português) | PCP | | 12 |
| - Ecolgist Party The Greens (Partido Ecologista Os Verdes) | OV | | 2 |
| People's Party (Partido Popular) | PP | 7.3 | 12 |
| Left Bloc (Bloco do Esquerda) | BE | 6.4 | 8 |

Source: CNE / Parties and Elections

# هێزە چەپەکانی ئەڵمانیا

| PARTY | | | PERIODICAL | CON | IDE | INTER | ELECT | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | )2 | |
| Against Current, sation for Revolutionary unist Party | Gegen die ung, sation für den ı der tionären iistischen Partei | | Gegen die ung | e- | mao. | | no. | f. 1971 |
| Alliance ie Greens | Bündnis 90 / ünen | | Schrägstrich | e- | gree | EFGP | 8.56 | f. 1980 |
| Analysis iticism | analyse und | ak | analyse und | e- | rad. | | no | ex- ty of unist ɜ (KB, ved in |
| Anarchist / Council inists | Anarchistisch Gruppe / ımmunisten | | | | anar | | no | |
| Anti- ist Network | Antikapitalisti Netzwerk | | | e- | tro. | | no | f. 2001 olit from ıck |
| Associatio nst Reaction, ınd Fascism e's Front) | Arbeitsgemei t gegen on, Faschismus ieg (Volksfront) | VF | Antifaschisti achrichten | | rad. | | no | f. 1979 |
| Associatio r Solidarity ctives | Verein für rische ktiven | VsP | Sozialistisch ıng | e- | rad. | curre SFI | no | f. 1986 ›-Albanian and vist GIM |
| Bahamas | Bahamas | | Bahamas | e- | rad. | | no | journa -Gruppe K rity of KB) |
| Bolshevik ve Germany | Bolschewistis Initiative chland | | Trotz m | e- | stal. | | no | |
| Class t Class | Klasse gegen | | | | rad. | | no | |
| Collective Communist ient | Kollektiv in unistischer ung | Kolink | | e- | left. | | no | |
| Communi ate | Kommunistisc ıatte | | | e- | rad. | | no | origin ommunist ɜ (New Site r) f. in |
| Communi League of ny | Kommunistisc a Deutschlands | KLD | | e- | tro. | | no | |
| Communi anization for Fourth ational | Kommunistisc ganisation für die Internationale | KOFI | | e- | tro. | COFI | no | |
| Communi Party of ny [Red | Kommunistisc tei Deutschlands Fahne] | KPD | Rote Fahne, Alledem | e- | stal. | NCI, | 0.003 | f. 1990 |
| Communi Party of ny [Red g] | Kommunistisc tei Deutschlands Morgen] | KPD | Roter n | e- | stal. | ex- O[H] | no | f. 1986 nter from banian |
| Communi Party of | Kommunistisc Partei | KPD/M | Roter n, Der Weg der | e- | stal. | CIML | no | f. 1995 olit from |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ny/Marxists-<br>sts [Red<br>g] | :hlands/Marxiste<br>nisten [Roter<br>n] | | | | | | | IL[RS],<br>Wolfgang<br>; |
| Communi<br>Party of<br>ny/Marxists-<br>sts []Red | Kommunistisc<br>Partei<br>:hlands/Marxiste<br>nisten [Roter | KPD/M | Roter Stern | | stal. | | no | f. 1986<br>plit from<br>banian |
| Communi<br>Party of<br>ny/Marxists-<br>sts | Kommunistisc<br>Partei<br>:hlands/Marxiste<br>nisten | KPD/M | | | mao. | MIM | no | f. 2002<br>t from RK |
| Communi<br>Workers<br>aper Group | Gruppe<br>unistische<br>erzeitung | | Kommunisti<br>Arbeiterzeitung | e- | ex- | ICS | no | f. 1990<br>t from AB<br>KAZ) |
| Crisis | Krisis | Krisis | | e- | rad. | | | f. 1986 |
| Dismantli<br>up | gruppe<br>tage | | | e- | rad. | | no | f. 1995<br>plit from<br>e K |
| Ecological | Ökologische | ÖKOLI | ÖkoLinX | Fax:<br>9-<br>0 | rad. | | no | f. 1991<br>plit from<br>Party |
| Exit | Exit | | Exit | e- | rad. | | not<br>g | split<br>Crisis in<br>led by<br>: Kurz |
| Federatio<br>f German<br>ng<br>ists | Föderation<br>hsprachiger<br>iistInnen | FdA | | e- | anar | IAF | no | f. 1989 |
| Federatio<br>Non-Violent<br>Groups | Föderation<br>:freier<br>sgruppen | FöGA | Graswurzelr<br>ion | e- | anar | War<br>ers<br>ational | no | f. 1980 |
| Feminist<br>The Women | Feministische<br>- Die Frauen | | | e- | femi | | 0.077 | f. 1995 |
| For a<br>Current | Für eine linke<br>ıng | FelS | Arranca! | e- | rad. | | no | f. 1991 |
| Forum of<br>ınist<br>ıg Groups | Forum<br>unistischer<br>sgemeinschaften | FKA | Ergebnisse<br>aterialien | | rad. | | no | active<br>DS, until<br>League of<br>German<br>unists |
| Free<br>rs' Union | Freie<br>erinnen- und<br>er-Union | FAU/I | Direkte | e- | anar | AIT | no | f. 1976 |
| Free<br>rs' Union<br>il<br>unists) | Freie<br>erInnen Union<br>ommunisten) | FAU/R | Alles wird | | anar | | no | f. 1983<br>plit from |
| Free<br>rs'<br>Anarchist | Freie Arbeiter<br>'Anarchistische | FAU/A | Fanal | | anar | | no | f. 1983 |
| German<br>ınist Party | Deutsche<br>unistische Partei | DKP | Unsere Zeit,<br>tische Blätter | e- | com. | ex- | 0.008 | f. 1968<br>:cessor of<br><br>unist<br>of<br>ny (KPD) |
| Group of<br>ational<br>sts | Gruppe<br>ationaler<br>stInnen | GIS | Sozialismus<br>arbarei | e- | left. | close<br>P | no | f. 1999<br>plit from<br>ıck |
| Group of<br>st Unionists | Gruppe<br>stischer<br>kschafter | GSG | | | tro. | | no | f. 2001 |
| Humanist | Humanistisch<br>ei | HP | Der<br>ıist | e- | | IH | 0.005 | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Industrial rs of the | | IWW | | e- | anar | | no | |
| Internatio Bolshevik ncy acus Group) | International Bolschewistische nz (Gruppe kus) | | Bolschewik | e- | tro. | IBT | no | f. 1983 4th ational |
| Internatio Communist t | International Kommunistische ung | IKS | Weltrevoluti | | left. | ICC | no | f. 1978 |
| Internatio cialist Left | International listische Linke | ISL | Inprekorr | e- | tro. | USFI | no | f. 2001 Trotskyist of VSP |
| Internatio Socialist rs' zation | International Sozialistische erorganisation | ISA | | | tro. | SIQI | no | f. works Soziale & kratie |
| Internatio cialists | International listen | | Klassenkam ke Opposition | e- | tro. | close | no | f. 1995 plit from |
| Internatio Socialist zation | Internationali Sozialistische sation | ISO | Linke ive | e- | tro. | close | no | split SAG (see ıck) in |
| Labour cial Justice - Electoral ative | rbeit & Gerechtigkeit - hlalternative | WASG | | e- | left. | | not g | f. as split PD |
| League the Fourth ational | | | | | tro. | LFI | no | |
| League of unists of ny | Bund der unisten chlands | BKD | | | stal. | | no | f. 1996 plit from ote l |
| League of ational unists | Bund ationaler unisten | BIK | | | ex- | ILC | no | |
| Left unism ve | Initiative ommunismus | Ini Lk | Initiative ommunismus - e | e- | left. | | no | f. 2002 plit from |
| Left Shift | Linksruck | | Linksruck, smus von | e- | tro. | IS | no | f. 1993 Socialist rs' Group |
| Left Turn | Gruppe ende | | Novo | Fax: 9- 6 | tro. | | no | |
| Marxist- t Party of ny | Marxistisch- stische Partei chlands | MLPD | Rote Fahne, tionärer Weg | e- | mao. | ICML | no | f. 1982 ommunist rs' e of ny ) |
| Mole - tionary sts | Maulwurf - tionäre stInnen | | Maulwurf | e- | tro. | ex- | no | |
| New | Neues Forum | | Bulletin | e- | alter | | no | f. 1989 |
| New Unity : | Gruppe Neue : | | Neue : | e- | mao. | | no | f. 1970 IL(Neue :) |
| Opposing oint | Gegenstandp | | Gegenstand | e- | rad. | | no | succes of the t Group dissolved 1 |
| Organizati | Organisation | | Arbeit | e- | stal. | | not | f. 2003 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| the build-up communist rs party of ny | en Aufbau einer unistischen erpartei chlands | | ft | | | | | |
| Our Word | Unser Wort | | Unser Wort | e- | tro. | MRFI, | no | f. 2000 |
| Party for Equality | Partei für e Gleichheit | PSG | Gleichheit | e- | tro. | ICFI | no | f. 1971 eague of st rs (BSA) |
| Party of ratic sm | Partei des kratischen smus | PDS | Disput, dienst, etter | e- | left. | NELF, | 3.99 | f. 1989 Socialist Party |
| 2nd al Forum | Forum 2. erung | | | e- | left. | | | f. 2002 |
| Communi tform of the | Kommunistisc tform der PDS | KPF | Mitteilungen mmunistischen rm | e- | com. | | | f. 1990 |
| Dialogue n | Gerarer | | | e- | rad. | | | f. 2002 |
| Marxist | Marxistisches | | | e- | com. | | | f. 1995 |
| Network n Left | Netzwerk nlinke | | | e- | left. | | | f. 2003 |
| Red | Rote Aktion | | | | rad. | | no | |
| Red Fox | RotFuchs | | RotFuchs | e- | stal. | | no | f. 2001 plit from |
| Red r - zation for ild-up of the unist Party in ny | Roter er - Organisation Aufbau der unistischen in Deutschland) | | Roter er, Der Weg zur | e- | stal. | | no | f. split from oter n] |
| Revolutio Communist FRG) | Revolutionäre unistische Partei | RKP | Aufstand! | e- | mao. | close | no | f. 2003 |
| Revolutio Socialist e | Revolutionär stischer Bund | RSB | Avanti - die ationale, orr | e- | tro. | USFI | no | f. 1994 |
| Social ratic Party of ny | Sozialdemokr e Partei chlands | SPD | Vorwärts | e- | soc. | SI | 38.52 | f. 1875 |
| Forum ratic Left 21 | Forum kratische Linke | DL-21 | SPW | e- | left. | | | f. 2000 |
| Social s & racy | Soziale Politik okratie | | Soziale & Demokratie | e- | tro. | ILCW | no | influen ISA |
| Socialist /AKP | Sozialistische /AKP | | | | tro. | ITC | no | f. as ng Circle unist s (AKP) |
| Socialist ative | Sozialistische ative | SAV | Solidarität - stische Zeitung | e- | tro. | CWI | 0.004 | f. 1973 |
| Socialist and Politics g Group | Arbeitskreis stische Theorie olitik" | | | e- | tro. | | no | |
| Socialist rs' Initiative | Sozialistische erInneninitiative | SAI | Was Tun! | e- | tro. | Mov, ', ex-LIT | no | f. 1979 |
| Spartacist ers' Party of ny | Spartakist- erpartei chlands | SpAD | Spartakist, cist | Fax: 0- 02 | tro. | ICL | no | f. 1990 |
| The Spark | Der Funke | | Der Funke | e- | tro. | SA | no | f. 1994 |
| United | Vereinigte | VL | | | rad. | | no | f. 1989 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Wildcat | Wildcat | | Wildcat | e- | rad. | | no | |
| Workers' ...e for the ...struction of ...D | Arbeiterbund ...en Wiederaufbau ...D | AB | Streitbarer ...alismus | e- | ex- | ICS | no | f. 1973 |
| Workers' ...s Group | Gruppe ...erpolitik | | Arbeiterpolit | e- | com. | | no | f. 1948 ...rmer KPO ...ers |
| Workers' ...Group | Gruppe ...ermacht | GAM | Neue ...ationale | e- | tro. | L5I | no | f. 1983 |
| Workers' ...Group | Gruppe ...erstimme | | Arbeiterstim | | com. | | no | f. 1971 ...lits from ...erpolitik |
| Young ...rats - Young | Jungdemokra ... - Junge Linke | | Tendenz | e- | rad. | | no | f. 1992 |
| * Votes for 15 candidates. ** Votes for 7 candidates. | | | | | | | | |